www,kurdistannet.org

# ئاوا بەر لە چل ساڵ ئاگری نەورۆزمان کردەوە

قادر ڕەشید

لە ئاداری 1962 دا کوردستان لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و بێئارامییدا بوو ، دەرەبەگە چاوچنۆکەکان و خاوەن زەویزارەکان ڕیزەکانی خۆیان پتەوتر ئەکرد دژ بە یاسای چارەسەری کشتوکاڵ و بە شێوەیەکی تایەبەتیی دژ بە جوتیار و پاڵەی هەژار و ڕەشوڕوت ، هەروەها دژ بە عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی. بەگشتیی ئەو یاسایە ڕێگەی چەوسانەوەی جوتیارانی تا سنورێك کەم کردبووەوە.

لەو کاتەدا دێهاتەکانی کوردستانی عێراق لەژێر کاریگەریی و دەسەڵاتی دەرەبەگ و عەشیرەتگەریی و پارتی دیموکراتی کوردستان (حدك) دا بوو ، شەڕێکی خوێناویی لەگەڵ حکومەتی عبدالکریم قاسمدا هەڵگیرسابوو ، فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان (میگ و سیخۆ و باجەر) ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیبوو ، لە بۆردومان کردن و وێرانکردنی دێهاتەکاندا بوون و هەڕەشەی وێرانکاریی زیاتریان ئەکرد.

بە داخەوە لەو کاتەدا ناکۆکیی و نا تەبایی هەڵوێستی سیاسی لە نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا تا ئەهات بەرەو ناکۆکییەکی قوڵتر و کارەسات ئەڕۆیشت ، گەیشتبووە ڕادەی خوێنڕشتن ، بە تایبەتیی دژ بە دروشمی (ئاشتیی لە کوردستاندا) ، مێژوو سەلماندی کە تا چ ڕادەیەك ئەو دروشمەی حشع واقیعیانە و بابەتییانە و بە سود بوو لەو ڕۆژگارەدا، نەك تەنیا بۆ بەرژەوەند و چارەنوسی گەلی کورد ، بەڵکوو بە گشتییش بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و عەرەب لەعێراقدا.

لە لایەکی ترەوە حشع لەژێر فشار و ئازارێکی زۆری حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا بوو ، تا ئەهات گرتن و ڕاونانی شیوعیەکان قوڵتر ئەبووەوە لە سەر دروشم و سیاسەتەکەی بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانە و دیالۆگ ، واتە ڕاگرتنی سیاسەتی هێرش و پەلامار و خوێنڕشتن دژ بە گەلی کورد.

هەروەها بۆ پاراستن و لە دەستنەچوونی دەستکەوتەکانی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 ، یەکێك لەو دەستکەوتانەی کە لە دەستوری کاتییدا هاتبوو کە (کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا ...).

لە گەرمەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و مەرگەسات و پاشاگەردانییەدا ، یادی جەژنی ئازادیی و سەرفرازیی گەلی کورد (نەورۆز) نزیك ئەبووەوە ، ئەشێ لەم بیرەوەریە مێژووییە پیرۆزەدا بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ساڵانی ڕابوردوو یادی بکرێتەوە و مەشخەڵی ئاگری نەورۆز بکرێتە دابینکردنی ئاشتیی و ئازادیی و سەرفرازیی بۆ گەلی کورد ، بە هەموو چین و توێژەکانییەوە ، بکرێتە هۆیەك بۆ هاندانی جەماوەر و بەهێزکردنی ڕیزەکانی لەپێناوی چەسپاندنی سیاسەت و دروشمی ئاشتیی لە کوردستاندا و ڕزگارکردنی جەماوەری جوتیاران لە چەوسانەوە و پلان و نەخشەی دەرەبەگەکان و لە لایەکی تریشەوە ڕاگرتنی هێرش و پەلاماری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم.

ئێمە بە ئەرکێکی مێژوویی خۆمانمان ئەزانی کە یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بکەینە بەردی بناغەی تێکۆشانمان بۆ بەدیهێنانی دروشمەکانی حیزبمان.

www,kurdistannet.org

لیژنەی ناوچەی سلێمانی حشع بڕیاری دا لیژنەی کرێکاران بەرپرسی هەڵگیرساندنی ئاگری نەورۆز بێت ، ئێمەی لیژنەی کرێکاران لە گەڕەکی مەڵکەندی لە ماڵی هاوڕێ حەمەساڵح ، پێنج هاوڕێ کۆبووینەوە و بڕیارماندا لەسەر خشتەی کردنەوەی ئاگرەکە و دەستبکەین بە دابینکردنی پێویستییەکانی ، وەك چەند تەنەکە نەوتێك و چەند تورەکەیەك خۆڵەمێش، کە لە تونی حەمامەکان کۆیبکەینەوە و پاچ و پێمەڕە و چوار ولاخ بۆ گواستنەوەی پێویستییەکان بۆ سەر شاخی گۆیژە ، لە سەرەتاوە بە باشیی دەستنیشانی جێگای کردنەوەی ئاگرەکەمان کرد کە لە شارەوە دیار بێت.

سەرلە بەیانی 20-3-1962 خواردنمان لەگەڵ خۆمان برد و بەرەو گۆیژە کەوتینە ڕێ ، دەستمان کرد بە هەڵکەندنی پیتەکانی وشەیەك بە درێژیی 100 هەنگاوێك و قوڵیی دووسێ پەنجە و پانایی یەکدوو قولانج ، لە ئێوارەدا بە نەوت و خۆڵەمێش پڕمانکردەوە ، ئیتر چاوەڕوانی ئاوابوونی زەردەی دەم کەلــی گڵەزەردە بووین ، لە ناکاوێکدا هاژەی دوو فڕۆکەی میگ بە نزمیی بە سەرماندا هاژەی کرد و لە چاوتروکاندنێکدا ون بوون ، وادیار بوو بۆ بۆردومانکردنی ناوچەی چوارتا ئەچوون ، ئیر نەهاتنەوە ، هاوڕێ حەمەساڵح لە هاژەکەیان تەنەکە نەوتەکەی لە شان کەوتە خوارەوە ، بە پەلە هەڵمانگرتەوە و نەمانهێشت زۆری لێبڕژێ.

لیژنەی ناوچەی سلێمانی حشع ، هەواڵی کردنەوەی ئاگرەکەی بە باشیی بۆ جەماوەری شار بڵاوکردبووەوە ، ئەوسا ڕاگەیاندنەکانی حیزب وەك هەورەبرووسکە بە زوویی ئەگەیشتە جەماوەر و بڵاو ئەبووەوە.

لەگەڵ زەردەی دەم کەل ، جەماوەری سلێمانی لە شەقام و سەربانی ماڵەکانیانەوە ، چاوەڕوانی بینینی مەشخەڵێك بوون، لە ناکاوێکدا وشەی (کوردستان)یان بە ئاگر و بە گەورەیی بە قەدپاڵی گۆیژەوە بینیی و لە هەموو قوژبنێکی شارەوە دیار بوو و ئەخوێنرایەوە.

جەماوەر کەوتنە چەپڵە و ئاهەنگگێڕان و سرودی نەورۆز و "ئازادییخواین کوردین ئێمە" و "ئاشتیی ، ئاشتیی بۆ کوردستان ئاشتیی".

ئێمەش بە دەوری ئاگرەکەدا و بە دەم تێکدانی نەوت و ئاگر و خۆڵەمێشەوە تا زیاتر گڕ و کڵپەی بەرز ببێتەوە ، سرودی "ئەمڕۆژی ساڵی تازیە نەورۆزە هاتەوە ... " مان ئەوتەوە.

ئەمە یەکەم جاربوو لە یادکردنەوەی نەورۆزدا ، وشەی کوردستان بە ئاگر بنوسرێ.

ڕۆژێك لەوەوپێش لە هەموو شەقام و گۆڕەپانی شارەکەدا ، دروشمەکانی حیزبی شیوعی بە عامودەکانی شەقامەکاندا هەڵواسرابوون ، وەك "ئەی جەماوەری خۆڕاگر نەخشە و شەڕەنگێزیی دەربەگەکان پوچەڵ بکەنەوە ، ئەی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم شەڕ ڕاگرن دژ بە گەلــی کورد ، ڕێگای ئاشتیی و دیالۆگ تاقە ڕێگای چارەسەرە.

بە داخەوە ئەم هەڵوێست و کۆشش و هاتوهاوارەی حشع لەلایەن (حدك)ەوە هیچ پێشوازییەکی لێنەکرا و لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریمیشەوە پشتگوێ خرا و لەسەر ملهوڕیی و زەبر و زەنگی خۆی بەردەوام بوو ، تەنیا جەماوەر بوو لە کوردستان و لە سەرانسەری عێراقدا لە خۆپێشاندان و چالاکیی و ماندوبوونی خۆیاندا بوون بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی بۆ کوردستان.

زۆر بە توندیی لە خۆپێشاندانە سەدهەزارییەکەی بەغدا درا و تەواوی زیندانەکانی شارەکانی عێراق تەنران بە شیوعیەکان، لە کوردستانیشدا لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکاندا شیوعیەکان کەوتنە بەر هێرش و فشار و شاڵاوی چەکدارەکانی حدك و

www,kurdistannet.org

ڕەدکرنەوەی سیاسەتی ئاشتییخوازانەی حشع.

جیاوازیی و ناتەبایی نێوان پارتی و حشع بەرەو گلۆربوونەوە ملی ئەنا و ڕێبازی شۆڕشی 14 ی تەموزیش توشی هەڵدێر و پاشگەزبوونەوە بووبوو ، ئەمانە لە خۆیاندا دڵەڕاوکێ و نائومێدیی ، بێئارامیی و بێباوەڕیی لەناو جەماوەردا دروستکردبوو.

دوژمنانی گەل و شۆڕش لە فرسەتێکی وا ئەگەڕان و ئیتر توانییان ئەم هەلە بقۆزنەوە و کەوتنە خۆکۆکردنەوە و بەرپاکردنی کودەتایەکی خوێناویی لە شوباتی 1963 دا لەلایەن حیزبی بەعسەوە کە بووە هۆی سەرگەردانییەکی خوێناویی و بە هەزاران کوژران و بریندار بوون و گیران لە ئەفسەر و سەرباز و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی گەل و حیزبمان.

حکومەتی عەبدولکەریم ڕوخا و دەستکەوتەکانی شۆڕشی تەموز لەناوبرا و تا ئەمڕۆش گەلی عێراق بە هەموو چین و توێژ و نەتەوە و ڕەگەز و مەزهەبەوە ، لەژێر باری ئەو سەرگەردانییەدا ئەناڵێنن.

ئەمڕۆش لە کوردستانی ئازادکراوماندا دروشمی ئاشتیی و تەبایی کاریگەریی خۆی هەر ماوە و ئێکسپایەر نەبووە ، با ئەزمونەکانی ڕابوردوومان بکەینە دەرسێك و نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی ئاشتبوونەوەیەکی ڕاستەقینە و تەبایی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا.

با ئیتر ئاشتیی لەسەر دەستی یادکەرەوەکانی نەورۆزدا بێت ، واتە (گەلەکەمان و تەواوی حیزبەکان) ، ئاگری ئەمساڵمان بە وشەی "ئاشتییەکی ڕاستەقینە" بنوسرێت.

پیرۆزبێ نەورۆز و بەهار و ئاشتیی و سەربەستیی و فیدراڵیی بۆ گەلەکەمان.

ئاداری 2002